# کەرکوک و هەلویست

ئاسۆ حامدی
ئۆکتۆبەری 2005

لەم دوایيانە هەوالی دووبارە دەربارەی هاتنی عەرەبەکان بۆ کەرکوک ناسیونالیزمی کوردی هەراسان کردووە، ناسیونالیزمی شوڤینزمی عەرەبی دووبارە لە هەولی دووبارە تەشکیل بوونەوەی خۆیدایە. ئەم سات و سەودایە بە خەلکی کریکارو هەژار لە هەردەورانێ بە جۆریکە. دەبا بۆ خەلکی شاری کەکوک رۆشەنبێ چیتر ریگا بە دووبارە بوونەوەی لەناوبردنی میللەتان لە شار یان لە بەین بردنی رەمزی میللەتان لە شار بە هەر نرخێ دەبێ نەیەلن دووبارە ببێتەوە. کەرکوک بە سیمای فرە نەتەوی چوانە ، دەبا خەلکی چەوساوە ی شاری کەرکوک بنەمای ئەسلی شاری کەرکوک لەفرە نەتەوەیی و کەلتووری بپاریزن.

لە کوردستان خەلکی هەژاری شاری کەرکوک تاوانبار دەکرین بە خائین ئەگەر لە ترسی کوشتن شار جێ بهیلن، برای عەرەبی چەندسالە لە کاتی هەر ئالوگۆرێ وەزعەکانیان لێ ئاوەژوو دەبێتەوە رۆژێ براو سەد رۆژ دوژمن لە هاموو شۆ دان. بە کورتی خەلکی سادەی شار قوربانی سیاسەتەکانی سەرکردایەتی ناسیونالیزمەکانیانن لە ناچەکەدا.

کرکوک خالێ وەرچەرخانی ئابووریە لە عیراقدا لە سەردەمی ئیستایدا، کرکوک لە دلێ کوردستان و قودسی کوردستان واوەتر دەچێ..خەلکی کوردستان ئالوگۆرەکان وەزعی کەرکوک متابعەدەکەن. لە هەمان کات وەزعی سیاسی گەلی کورد و سەرکردایەتی ناسیونالیزمی کورد لە رەهەندی ئەنتەرناسونالیدا متابعەدەکەن.

هیواش هیواش وا هاوتەبای ، پیکەوە ژیانی لە دەروونی شاری کەرکوک دا بەرەو ئاراستەی پێچەوانە هەنگاو هەلدەگرێ، جێ داخە سیمای شاری کەرکوک و تەکیەی تالەبانی کە مەلبەندی مقاماتی کوردی، قۆریاتی تورکمانی و مقاماتی عیراقی و فارسی ئەگەر وابروا دەبی خواحافیزی لە یەک بکەن.

کەرکوک لە دەورانی چەندین سالەی دەسەلاتی ناسیونالیزمی فاشیزمی عەرەبی زۆر رەزالەتی بینیووە ، دەبێ ئەم رەزالەتیانە کۆتاییان پێ بێت. خەلکی شاری کەرکوک دەبێ زۆر بە هۆشیاریەوە مامەلە لەگەلێ ئەم وەزعانە بکەن، ناسیونالیزم ریگا چارەی چارەسەری ئەم شارە نیە.

تەنانەت بۆ خودی میللەتانی شار، نە ناسیونالیزمی تورکمانی لە جەبهەی تورکمانی، نە ناسیونالیزمی کورد لە ئەحزابە کوردیەکان ، نە شوفینیزمی عەرەبی کە بە هاوکاری بە هەموو ئەحزابە ناسونالیستە عەرەبەکان و ئیسلامیەکان پشتیوانی دەکرین، جگە لە رەزالەتی بۆ خەلکی شاری کەرکوک مەسەلەیەکی تر نین.

ئەلتەرناتیفی مناسب بۆ هەمووان بەیەکەوە ژیانە لە شاریکی ئارام و ئاسایش دا بۆ هەموو میللەتان. نوینەرانی خەلکی شاری کەرکوک هەروەکو هەموو نوێنەرەکانی پەرلەمان و ..هتد نوینەری پارتە سیاسیەکانن، ئەمانەش بە شێکی کۆمەلن. خەلکی لەم نیوەدا لا حول ولا قوەتن..ئەمرۆ دەورانی تێپەرینە لە تەواوی وولاتدا، لە کەرکوک بە هامان شیوەیە.

کرۆکی باسەکەی من ئەوەیە خەلکی شاری کەرکوک نەبنە قوربانی هیزە ناسیونالیستەکان..
بەلام ئەم پرسیارە قورسە سەرهەلدەدا کە ئاوارەیەکی شاری کەرکوک هەیەتی. یانی چۆن نەبمە قوربانی ناسیونالیزم و خانوو مولکەکەی باب و باپیرم وەربگرمەوە..کە چەندین ساڵە داگیر کراوە لە لایەن عەرەبێ بە یاسای 10000هەزاری هاتۆتە کەرکوک و شار بەدەرکراوین و لە ژیر نیری زۆرداری بەعسدا ئەنفال و کیمیا باران کراوین...خۆ ئەگەر بۆ حالەتی شەخسی مرۆڤەکان بچی ئەوا بە دەیان رەزالەت و شەهید و قوربانیان داوە. ئایا کێ دەتوانێ زوڵم و زۆرداری وا قەبووڵ بکات ئەگەر چارەی هەبێ...
ئەمە بۆ تورکمانەکانیش راستە، ئەگەر دەوڵەتی یاسای هەبێ ئەمانە هەموو لە سالۆنەکانی دادگا یەکلا دەبنەوە، بەلام چونکە نیە بۆیە خەلکی شاری کەرکوک لەهەولی چارەی تردایە..
مرۆڤەکان هەموویان قوربانی سیاسەتەکانی سەرمایەدارین،رۆژانێ ناسیونالیزمی شۆفینیزمی عەرەبی، ناسیونالیزمی کورد ، ناسیونالیزمی جەبهەی تورکمانی..
کەرکوک دەبێ لە هەموو حالەتیکدا ئارام و ئاسایشی هەبێ، دەبێ هەمووان هەولی جدی بدەن بۆ ئەم هەنگاوە، دەبێ پاریزگاری ئیستای شاری کرکوک لە سەر هەلویستی خۆیدا زۆر راستگۆیانە مامەلە لەگەل وەزعەکان بکات. زۆر راستگۆیانە لە گەل هەلویستی رۆژانەی دا مامەلە بکات. ئەمە زۆر کاریکی پۆزەتیڤە بۆ مەسەلەی کەرکوک دەبێ ناسیونالیزمی کورد لی بگەرێ..دەبێ بۆ هەموو خەلکی شاری کەرکوک رۆشەن بی کەوا بەپلەی یەکەم ئارامی شارو نەمانی ئاسەواری بەعس و داگیرکردن، گەرانەوەی هەموو خەلکانی کە قوربانی میژووی شاری کەرکوکن بە هەموو قەومیەتیکەوە ، ئەمە دەبێ بە عەمەلی چارەسەر بکرێ.
دەبێ منافەسەی سیاسی لە عونف و کوشتن کۆتای پێ بێ..
خەلکی شاری کەرکوک دەبێ هەلویستی سیاسی جدی وەربگرن بۆ پاراستنی چارەنوسی شارەکەیان.عەرەبە هاوردەکان دەبێ بگەرێنەوە شوێنی خۆیان قەرەبووی ژیان و مەسکەنیان بکرێت، چۆن قەرەبووی گشت زەرەروو زیانی ئاوارەکان دەکریت، ئەگەرچی عەرەبە هاوردەکان لە واقع دا ئەگەر لیکۆلینەوەی تەواو بکریت هەموویاشیان شایانی ئەمە نین.
کوشتن و زۆرداری و عونف ناتوانێ چارەی مەسەلەکان بکات، پان ئیسلامیزم و تیرۆریزم چآرەی مەسەلەکان نیە، مەزهەبە جیاکان و کریستەکانی شآری کەرکوک دەبێ وەک هەر میللەت و مەزهەبێکی تر دەوری خۆیان هەبێ لە دیاریکردنی چارەنووسی شاردا.
دابەش بوون ئینسانەکان بە میللەتی جیاجیا و مەزهەب و تایفەی جیاجیا ریگای چارەی شاری کەرکوک بۆ چارەی نادیار دەبا، بۆ هیزە ناسیونالیستەکان مەیدانی کێشەکە خۆشتر و ئاسانتر دەکات.
کەرکوک ئەفیونە بۆ سەرخۆشی کەسایەتیە ناسیونالەکانی ناوچەکە لە عەرەب و کورد و تورکمان.. دەبێ سۆسیالیستەکان و خەلکی ئازادی خواز ئەم تەمەی شەری ئایندە لە کەرکوک برەوێننەوە و ئاوەدانکردنەوەی شار مەسەلەی سەرەکی بێت، دووبارە تەعریب یان هەر بە مییللەت کردنێکی تر دەبێ تامایە بمرێ..